# ئیستیتانییه ئیسرائیلییه‌كان و عه‌ره‌به هاورده‌كان!

khatabs@hotmail.com
خه‌تاب سابیر
ئابی 2005

به‌به‌رچاوی هه‌موو دنیاوه ، ده‌یان هه‌زار جووله‌كه‌ی ئیسرائیل ، كه له‌ئه‌نجامی پرۆسه‌یه‌كی دوورو درێژدا هاتبوونه ناوچه‌كانی غه‌زه‌و كه‌ناری خۆرئاوای ناوچه فه‌له‌ستینییه‌كان،به تۆبزیی و به زه‌بری هێز بۆ ناو قوولآیی خاكی ئیسرائیل، گه‌ڕێنرانه‌وه . پرۆسه‌ی ئیستیتانیی جووله‌كه‌كان له‌سالی 1967 ه‌وه ده‌ستی پێكردبوو تا ماوه‌ی چه‌ند مانگێك له‌مه‌وبه‌ریش لابه‌لا هه‌ر درێژه‌ی هه‌بوو. به‌لآم له چه‌ند رۆژێكدا حكومه‌تی ئیسرائیل ، بۆ كاراكردنه‌وه‌ی رۆدماپ ( Roadmap ) ، هه‌موو جووله‌كه‌كانی به‌زه‌بری سوپا و هێزه‌كانی پۆلیس و ئاسایش ده‌ركردو خانوو و موڵكه‌كانیشیانی ته‌خت و تاراج كردن .

هه‌موو عه‌ره‌بی دنیا و زۆربه‌ی موسلمانانی دنیا، سوپاسگوزاریی خوداوه‌ندیان كرد و به‌سه‌دان میلیۆن نوێژی شوكرانه‌یان كردو له‌خودا پاڕانه‌وه كه سه‌ری عه‌ره‌ب و ئیسلام به‌رز ڕابگیرێ و لووتی جووله‌كه‌ش زیاتر بشكێنرێ. ئه‌مه له‌و شوێنه‌وه دێت كه عه‌ره‌ب و ئیسلام خۆیان به سته‌ملێكراو و چه‌وساوه‌ی ده‌ست جووله‌كه‌كانی ئیسرائیل ده‌زانن ، بۆیه ئه‌م كشانه‌وه‌یه‌ی ئیسرائیل و چۆڵكردنی كۆمه‌ڵگه ئیستیتانییه‌كانیان به گه‌وره‌ترین سه‌ركه‌وتن بۆ خۆیان، له‌قه‌ڵه‌مدا . له‌كاتێكدا چۆڵكردنی كۆمه‌ڵگه ئیستیتانییه‌كانی ئیسرائیل ، سه‌ركه‌وتنی به‌ره‌ی ئاشتی و پێكه‌وه‌ژیانی هاوچه‌رخه له‌نێوان مرۆڤه‌كاندا و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی مافه خوراوه‌كانه بۆ لایه‌نه سته‌ملێكراوه‌كان ، هاوكاتیش په‌یامێكی توونده بۆ هه‌موو ئه‌و نه‌ته‌وه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی كه تائێستاش به‌ته‌مای ئه‌وه‌ن مافی زه‌وتكراوی گه‌لانی تر بخۆن . په‌یامێكی توندی ئاشتیشه بۆ شۆڤێنیزمی عه‌ره‌بیی كه چیتر گه‌لانی كورد و به‌ربه‌رو دارفۆرییه‌كان و سودانییه‌كانی باشوور قیبتییه‌كان و ....هتد نه‌چه‌وسێنێته‌وه و فێری زمانی ئاشتی و دانانان به‌هه‌ڵه‌ی داگیركارییدا ببێت .

نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب كه خاوه‌نی 20 ولآتن ،به‌ڕاده‌یه‌ك ناسیۆنالیزمه‌كه‌ی ،شۆڤینیزمی عه‌ره‌بیی تیادا زاڵه كه به‌رچاویان ره‌ش بووه و هیچ شتێك جگه ئایدۆلۆژیاو بیروباوه‌ڕی خۆیان زیاتر نابینن . ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له داگیركاریی بێت ، جووله‌كه ئیستیتانییه‌كان و عه‌ره‌به هاورده‌كان هه‌مان دۆخ ده‌یانگرێته‌وه،ئه‌گه‌ر له‌ڕووی مێژووییه‌وه جووله‌كه‌كان خاوه‌نی ئیسرائیل بن، عه‌ره‌ب به هیچ كلۆجێ ، جگه له‌كلۆجی شمشێرو داگیركاریی و سه‌ره‌ڕۆیی و ئه‌نفالكردنی كورد و نه‌ته‌وه‌كانی تر به كه‌ركوك و ناوچه كوردییه‌كانی تره‌وه په‌یوه‌ندییه‌كیان نییه.

چۆڵكردنی كۆمه‌ڵگه ئیستیتانییه‌كانی غه‌زه‌و كه‌ناری خۆرئاوا، یه‌كێكه له‌و دۆكیومێنته سیاسیی و یاساییانه‌ی كه گه‌لی كورد ده‌توانێ به‌باشترین شێوه سوودی لێ ببینێت و چیتر چاوشۆڕیی بۆ ده‌وڵه‌تی عێراقی عه‌ره‌بیی نه‌كرێت و چاوسووركردنه‌وه‌ش له‌ئه‌مێریكا قبووڵ نه‌كرێت . كاتێك خه‌لیل زه‌ڵمای زاد ، له كوردستان، ده‌ڵێ ، نابێ زۆر له‌عه‌ره‌به هاورده‌كانی كه‌ركوك بكرێ بۆ گه‌ڕانه‌وه‌و كه‌س به‌زۆر ده‌رنه‌كرێت . ده‌بێت به فه‌رمیی به حكومه‌تی ئه‌مێریكاو نوێنه‌ره‌كه‌ی له‌عێراقدا رابگه‌یه‌ندرێت و بسه‌پێنرێ به‌سه‌ریدا، بۆچیی له ئیسرایل و له كه‌ركوك سیاسه‌ته‌كانتان ده‌بڵ ستانداره؟ . عه‌ره‌بی هاورده سه‌رچاوه‌ی ئاژاوه‌یه له‌كه‌ركوكدا، ده‌بێ گه‌لی كورد هه‌موو توانای خۆی بخاته گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی خۆی له‌به‌ڵای شه‌ڕی ناوخۆیی دوور رابگرێت، ئه‌ویش به پێداگرتنی ته‌واو له‌سه‌ر، نه‌مانی یه‌ك تاكه نه‌فه‌ری ته‌عریب ، ده‌ركردنی ته‌واوی عه‌ره‌به هاورده‌كانی سیاسه‌تی پاكتاوی نه‌ژادیی و پێكه‌وه‌ژیان له‌گه‌ڵ دێرینترین عه‌ره‌به‌كانی ناوچه‌كه‌و توركمانه‌كان ،تا دواهه‌نگاو بۆ ئاساییكردنه‌وه‌ی یه‌كجاریی ئه‌و شاره .

هه‌موو كه‌ناڵ و میدیاكانی دنیای عه‌ره‌ب و ئیسلام، له‌ماوه‌ی چه‌ند رۆژی رابردوودا ، مانشێته‌كانیان و هه‌واڵه گرنگه‌كانیان ، چۆڵكردنی كۆمه‌ڵگه ئیستیتانییه‌كانی ئیسرائیله. هه‌موویان له‌سه‌ر ئه‌وه كۆكن كه ئه‌مه به‌رهه‌می خه‌باتی نه‌پساوه‌ی گه‌لی فه‌له‌ستین و ساتوسه‌ودانه‌كردنی سه‌ركرده فه‌له‌ستینییه‌كانه له‌سه‌ر مه‌سه‌له هه‌ستیاره‌كان و هێڵه سووره‌كان ، به‌لآم كاتێك دێنه سه‌ر كه‌ركوك و

دۆزی ئیستیتانییه تەعریبەکانی عێراق، بەئاوازێکی تر دەخوێنن . ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبییەو ئەلقودسلعەرەبیی دەڵێن و دەنووسن، کوردەکان بەزۆر عەرەبەکان دەردەکەن، هەمان سیاسەتی سەدام جێبەجێ دەکەن. ئەم سیاسەتە دیماگۆگییەو ئەم هەڵوێستە ئیمۆتیڤییانە ( عاتیفیی ) جگە لە گەنداوی شۆڤێنیزمێکی رەش زیاتر هیچ ئینسانییەتێکی تیادا نییە .

چۆڵکردنی کۆمەڵگە ئیستیتانییەکانی ئیسرائیل، هەلێکی زێڕینە کە گەلی کورد بەگشتی و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بتوانن کەڵکی لێوەربگرن ، بۆ وەدەرنانی تەواوی ئەو سەدان هەزار عەرەبە هاوردەی کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی تری کوردستان کە کەللەڕەقانە تا ئێستاش پێیان داگرتووە و لەسەر سکی خەڵکی کوردستان و ویژدانی گەلێکی داگیرکراو کەڵەگایی دەکەن . چۆن حکومەتی ئیسرائیل ،بەزەبری هێز ڕاماڵیکردن و بڕی پتر لە یەک بیلیۆن دۆلاری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئیستیتانییەکان دابین کرد، دەبێت کوردیش بتوانێ لەپارەی زۆروزەبەندی نەوتی عێراق ( کە ئێستا نەوت لەبەرزترین نرخدایە ) ، حکومەتی عێراق پاپەند بکات بە دابینکردنی بودجەی تەواوەوە بۆ ئەوەی عەرەبە ئیستیتانییەکان بگەڕێندرێنەوە . لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوەش بەبیر یەکێتیی و پارتیی بهێنرێتەوە ، کە ئەوانیش دەستێ لەگیرفانی خۆیان بدەن و بەشداریی کارا بکەن لە گەڕاندنەوەی تەعریبەکاندا بەو پارە زۆرەی کەلەبەردەستیاندایە، نەک بەو شێوە دیژلەمەییەی کە تا ئێستا کردوویانە . گەلی کورد پەنجا ساڵە قوربانیی دەدات بۆ کەرکوک، با( یەکێتیی و پارتیی ) ش کەمێک لە پارە بێ ئەژمارەکانیان بەقوربانی کەرکوک بکەن ونەهێڵن چیتر دەستی دەستیی بەکەرکوکەوە بکرێت .